


# ڕۆماننوس کێیە؟

لەڕاستیا دەبێ پرسیارەکە وەهابێت: دەبێ ڕۆماننوس کێ بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەدونیای ئەمڕۆدا ئاسان نیە. چونکە ئەمڕۆ ڕۆمان وەک پیشەیەک، کە ڕەنگە ببێتە سەرچاوەی ناوبانگو داهاتێکی زۆر، خەڵکێکی زۆر هەوڵئەدەن فێری بن. لەزۆر زانکۆی دونیادا کۆرسی ڕۆماننوسین یان ئەوەی پێی دەڵێن نوسینی داهێنەرانە هەیە. بەندە چەند کۆرسێکی لەو جۆرەی دیوە، لەسەر دەستی چەند نوسەرێکی ناودار. بەڵام مرۆڤ تەنها بە وەرگرتنی کۆرس یان لەڕێگای وانەوە فێری نوسین نابێت، وەک چۆن من نەبوومە چیرۆک یان ڕۆماننوس. (هەرچەندە ئاواتی من ئەوە بوو بە زمانی ئینگلیزی بنوسم، ئادابی ئینگلیزی بخوێنم، لەکتێبخانەیەک کاربکەم، تۆزێ ریش بهێڵمەوە، جلی کۆن لەبەرکەم، زۆرتر گوێ لەمۆسیقا بگرم). بەڵام ڕۆژێ کچێکی فەرەنسی مەکرباز هەڵیخەڵەتانم کە وەک ئەو کاروباری حکومەت بخوێنم، لەگەڵیا بڕۆم لەڕادیۆ دەربارەی سیاسەت قسەبکەم، ئیتر خەونەکانم وەرینو ڕۆحیشم ژەنگی هەڵهێنا.

ڕۆماننوس زۆر بە سادەیی ئەو کەسەیە کە هەوڵئەدات دونیایەکیتر بخوڵقێنێ. دونیایەک کاتێک ئێمە وەک خوێنەرێکی دەبینە میوانی، دیدمان دەگۆڕێت، لەئەنجامدا لەپاش گەڕانەوەمان بۆ دونیای خۆمان بە جۆرێکیتر دەبینین. ئەم گۆڕانە دەتوانرێت وەک گۆڕانی پارادایمی تەماشا بکرێت. گۆڕانی پارادیم بریتیە لەگۆڕانی سەرتاپایی دیدمان بەبەراورد بەو ئەو دیدەی کە لەپێشینەدا هەمانبووە بەرامبەر دیاریدەیەک. ئەم پرۆسەیە بریتییە لەمیتامۆرفۆس تناسخ بوون، لەجێگۆڕکێیەکی سەرتاپایی. ڕۆماننوس بۆئەوەی ببێتە ئەو کەسەی کە ئەم گۆڕانەمان تیا ئەنجامدات ئەوا دەبێت بە قوڵیو بە فرەمەودایی بە دونیای ژیانراوماندا ڕۆچوبێت،

**ڕۆماننوس دەبێ گوێی لەبێدەنگی بێت، نەبینراو ببینێت، هەمیشە لەڕوانگەیەکەوە بنواڕێت کە ئێمە وەک خوێنەر ناچارکات توشی سەرەگێژە بین**

هەتا بتوانێت وێنای دونیایەکی خەیاڵی بکات، تەریب بە دونیای راستەقینە، کە ببێتە مایەی گۆڕانی دیدمان بۆ دونیای راستەقینە. کەواتە ڕۆمان ئەزمونکردنە. ئەزمونکردن بریتیە لەهەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لەدووبارەکردنەوەی خود. ئێمە کاتێک ئەتوانین بڵێین ئەزمونمان کردوە کە چیدی وەک خۆمان نەبین پاش دیاریدەی ئەزمونکردنەکە. بۆ نموونە ئەگەر سەفەرێک بکەینو هیچ گۆڕانێک بەسەر هیچ دیدێکمانا نەهاتیبێت بۆ هیچ شتێک: ئەوا ئێمە لەمیانەی ئەو سەفەرەدا ئەزموونمان نەکردوە. سەفەرێکی بێ ئەزموون، وەک سەفەری زۆری زۆری کوردان.

ڕۆماننوس، بۆئەوەی ئێمە ناچار بەئەزموونکردنمانکات ئەوا دەبێت هەردوو بەهرەو تێرامان تێکەڵکات بەرامبەر بابەتەکەی. لەدەقێکی هەرە گرنگا نوسەرو فەیلەسوفی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی شیلەر دەربارەی ئەم بابەتە دەنوسێت. دەقەکە لەژێرناوی دەربارەی شیعری ساویلکەو تێڕامانی. هەرچەندە بابەتەکەی شیلەر شیعرە بەڵام دەتوانرێت پرنسیپە جوانناسیەکانی بە سەر هونەری ڕۆمانیشدا بسەپێنرێت. لای شیلەر سروشت جوانە بەڵام لاساییکردنەوەی بەبێ تێڕامان کارێکی ساویلکانەیە، ئەو ئەم دەقەی لەمیانەی هێرشەکانیا نوسی لەسەر شاعیری گەورەی ئەڵمان گۆتە. (ئەگەر شەڕی دونیای ئەدەبی ئێمە ببوایاتە مایەی داهێنانی وەها، ئەوا ئێمە بێگومان دەبوینە یەکێک لەهەرە گەلە بەبەرهەمەکانی سەر گۆی زەوی). دەقەکەی شیلەر زۆر کانتیانەیە. کاری ئەدەب نیە دونیا وەک خۆی باسکات، گەرچی ئەوە ڕەنگە بۆخۆی کاریگەری زۆر لەسەر کەسەکان بەجێبهێڵێ بەڵام دەقی ئەدەبی پێویستی بە تێڕامانە.

لێرەوە دەتوانم قسە لەسەر ئەو دیدەبکەم کە لەپێشینەدا ئاماژەم پێکرد، ڕۆماننوس دەبێ دیموکراسی بێت. دیارە مانای دیموکراسی لێردا لەهەمانکاتدا بەربڵاوو قووڵ وەرگیراوە. دیموکراسی بریتیە لەهەبوونی پانتایی بۆ هەموان، بەبێ جیاوازی، بۆئەوەی وەک خۆیان هەبن. لەدونیای واقیعدا ئەمە مەحاڵە، هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک ناکۆتا لەکۆتو زنجیرو پیرۆزی لێ ئاڵاوە کە تاکەکان ناچار ئەکات بێنە سەر ڕێگای ڕاست یان ڕیگای دیکتاتۆریەتی کۆمەڵگایی. کۆمەڵگا ڕێکدەخرێت، هەموو ڕێکخستنێکیش هەرەمییە، کەواتە هەمیشە بەرزو نزم، پر بەهاو کەم بەها بوونی هەیە. ڕۆماننوس دێت ئەمە دەبینێت، هەستی پێئەکات. چونکە بۆ زۆرینەیەکی خەڵک نەبینراوو هەستپێنەکراوە، بۆیە لەسەرەتا وەدەریان ئەخات. ئەمە وەها لەڕۆمان ئەکات هەمیشە شێوازێکی زیادەڕۆیی یان نائاسایی بە سەر شێوازی گێڕانەوەیدا زاڵ بێت. بە گەورەکردن یان نائاساییکردن بچوکەکان ئەوەندە گەورە ئەبن ببینرێن، دەنگە لاوازەکان ئەوەندە نوزەیان لێدێت هەتا ببیسترێن، لەهەمانکاتدا گەورەکانی ژیانی ژیارکراو ئەوەندە گەورە ئەبن لەبونەوەری وەک دەیناسور ئەچن. بۆئەوەی ئەمە فەراهەم بێت شێوازی جۆراوجۆری گێڕانەوە دەبێت بگیرێتە بەر.

کەواتە ڕۆماننوس دەبێ گوێی لەبێدەنگی بێت، نەبینراو ببینێت، هەمیشە لەڕوانگەیەکەوە بنوارێت کە ئێمە وەک خوێنەر ناچارکات توشی سەرەگێژە بین، دەبێ ئەخلاقمان بخاتە ژێر پرسیارەوە، باری دەرونییمان بشڵەقێنێ. کاتێک ڕۆماننوس دەتوانێ بەم کارانە هەستێت ئەوا وەک بونەوەرێکی دیموکراسخواز پێمان دەڵێت ئەوەی هەیە ڕاست نیە، هەرگیز ئەوەی هەیە ناتوانێت ڕاست بێت یان ببێتە ڕاستی. ئەوەی هەیە پڕیەتی لەشاراوە لەبێدەنگکراو، لەتاک-ڕەهەندی بینین.

ڕۆماننوس بە هەستانی بەم کارەی دەبێتە مرۆڤێکی دەرەکی. ئەو بونەوەرەی کە لەدەرەوەیە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لەناوەوەبێت. دەرەکی بوونی ئەیکاتە بونەوەرێکی نەشاز، کەسێک کە لەئەوانیتر ناچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تردایە. بۆیە لەبەرهەمی ئەدەبیدا خود تا ئەوپەری تێکەڵ دەبێت بە دەق. خودێک کە نەشازە بە جۆرێک نەشازبوونی ئەیکاتە باشترین ئاوێنەی کۆمەڵگا. لەڕۆمانی سویدییا کاراکتەری سۆزانی کاراکتەرێکە کە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاوە، بەتایبەت لەلایەن ڕۆماننوسە چەپەکانەوە، لەمیانەی ڕەخنەکردنیان لەسیستەمی سیاسی وڵات، چونکە سۆزانی وەک نوسەر خۆی ئەو دەرەکیەیە کە تائەوپەڕی ناوەکییە. ئەو کەسەیە کاتێک لەنێو هەرەمی فەرمی کۆمەڵگادا جێگەی نابێتەوە بەڵام لەنوێنی نوستنی برێکی زۆر لەکەسایەتییە باڵاکانی کۆمەڵگایە.

ڕۆماننوسی کورد هێشتا ئەو بونەوەرە دەرەکیە ناوەکیە نیە، کە بتوانێت کۆمەڵگای کوردیمان بۆ ڕایەڵکات، هەڵوەشێنی. چونکە بوونێکی لەو جۆرە پێویستی بە سەلیقەیەکی زۆر هەیە لەبارەی زمانەوە، بۆ نموونە کەسێک ناتوانێت خۆی بە کوردی زان بزانێت بەبێ ئەوەی عەرەبیو فارسیو تورکی یان عوسمانلی بزانێت، هەروەها پێویستی بە توانایەکی باڵا هەیە لەڕووی مەعریفییەوە.

# ترس لەڕابردوو...

**پشکۆ ناکام**

هەر کەسو تاقمو حیزبێک، چی کردبێت لەڕابردووەکەیدا، ئەبێ بە (مێژوو) پێناسەیەک بۆ قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی رابردووی، هەر کەسو دەسەڵاتێک ترسی هەبوو لەباسکردنی رابردوو، گومانو پرسیار ئەخاتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵک، چونکە مێژووی ئەو حیزبو کەسانە موڵکی ژیانی سیاسییانە بەهەموو سەرکەوتنو نوشوستو سەربەرزیو ملکەچییەکانیەوە، بەهەموو لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانەوە، خۆدزینەوە لەباسکردنو چاو سوورکردنەوەش لە (نووسینەوەیان) یەک فلسی قەڵب ناهێنێ، چونکە بەحەزو میزاجو بەرژەوەندی ئەوان مێژوو دروست نابێت.

بەداخەوە، ئەوەندەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان، دڵەڕاوکێو هەناسواریەتی لەڕابردووی خۆیو کەسو (ئەحباب)ەکانی، هێندە لەخەمی بنیادنانی پاشەڕۆژو (ناوێکی بێتەپو تۆز)ی خۆی نییە، لەهەر قوژبنو سوچێکی مێژووی دەسەڵاتدا، گەر کارێکی سەربەرزیو سەروەرییە بێ هاوتاو مێژوویيو جوگرافییەکانەوە بەڵام ناو هێنانی بچوکترین (خوارو خێچییەکان)، ئیتر هەمان زوڕنا ژەنەکان ئەکەونە دیوەکەی ترو ئەیکەن بەدەستێوەردانی دەرەکیو هێنانەدی (خەوی دوژمنانو هەوڵدان بۆ تێکدانی ریزەکانی بە (لەحیم) پێکەوە نووساوی گەل! یەکسەر پەنجەی تاوانباریش روو لەمیدیای ئەهلی ئەکات کە ئەوانن بە (فیتی داگیرکەران) رابردووی (پرشکۆ)ی ئەم دەسەڵاتە ناشرین ئەکەنو نەوەی نوێ (چەواشە) ئەکەن، ئەوە میدیای ئەهلییە کە تەشهیر بە (مێژوو ئەکات)، دەنا ئەم دەسەڵاتە یەک رۆژ لەژیانی خۆیدا، لە (مێژوو)ی خۆیدا لەگوڵ کاڵتری بەکەس نەوتووە. دەسەڵاتی کوردی وەک حسابەکانی تریش، لەمەشدا کورتیهێناو دانانی دەیان خەتی سوور بۆ مێژوویەک کە (سپی) نییە، ناتوانێت راستییەکان بشارێتەوە، چونکە کەس ناتوانێو تاسەر دیوە رەشو شەرمەزارییەکانی مێژوو بسڕێتەوە یان هیچ نەبێ بۆ ماوەیەک (بایکۆت)ی باسکردنی بکات،

**ئەی لەدوای جەلالیو مەلایی، دوای هەرەسو شەڕی لایەنەکان لەشاخو دواتر شەڕی ناوخۆ؟ خۆ ئەو کاتەش میدیای ئەهلی لەوجوددا نەبوو**

کولتوری ناوزڕاندنو قسەو قسەلۆکو تاوانبارکردنو (تحقیر) کردنی یەکتر لەسەردەمی (جەلالیو مەلایی) باڵی بەسەر میدیا حیزبییەکاندا کێشابوو، خۆ ئەو کاتە میدیای ئەهلی نەبوو، دروستبوونی ئەو دوو باڵەش کورد خۆی بوو، دەسەڵاتی سیاسی کورد بوو، خۆ لایەکیان ئەفریقیو ئەوی تریان ئاسیاوی نەبوو تا بوترێت ئەوە میدیای ناحەزو تاپوری پێنج بووە، لەو ململانێیانەی ئەو دوو لایەدا هەرچی سیمبولو دیاردە پۆزەتیڤەکان کرابوون بەموهەریجو نوکتەیان لەسەر دروست ئەکرا، (جەلالیو مەلایی) هەرچییەک بوونو کێ دروستو بنیادی نانو چییان لێهات، بووە بەبەشێک لەمێژووی کوردو کولتوری راگەیاندنی ناوزڕاندنو گاڵتەکردن بەبەرامبەر لەو مێژووەوە بووە حەڵاڵەکانی حیزب. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی کوردیو بەشداربووانی ئەو قۆناغە پێیان وایە کە (جەلالیو مەلایی) شایانی ڕەخنەلێگرتنو دەرس وەرگرتن نییە، ئیتر بۆچی لەباسکردنیاندا وا ئەچن بەئاسماناو کێچ ئەکەوێتە کەولیان، ئەی کورد ناڵێت بەری رۆژ بەبێژنگ ناگیرێ، ئیتر ترسیان لەچییە لەباسکردنو هێنانەوەیادی ئەو کارەساتەو دەیان کارەساتی تری لەو چەشنە کە دەسەڵاتە ئەیەوێت بە (خەتێکی سوور)و (لەپێناوی ئاسایشی نەتەوایەتیدا) هەموو ئەو دەنگانە بخنکێنێ کە وەک (مێژوو) باسیان لێوە ئەکات، دەسەڵات بۆ لەچەواشەکردنی (نەوەی نوێ) ترسی هەیە گەر ڕێگە بەو نەوەیە نەدات ڕاستییەکانی مێژووی میللەتەکەی بزانێو لێی ئاگاداربێو شانازی بەلایەنە سپیو نەفرەت لەلایەنە رەشەکانی بکات؟ چەواشەکردن بەدرۆ دەست پێدەکاتو لەبیربردنەوەی رابردووش سەرەتای درۆکردنە بەرامبەر بەو نەوەیەی دەسەڵات زۆر (خەمخۆرێتی)!

ئەی لەدوای جەلالیو مەلایی، دوای هەرەسو شەڕی لایەنەکان لەشاخو دواتر شەڕی ناوخۆ؟ خۆ ئەو کاتەش میدیای ئەهلی لەوجوددا نەبوو، هەر ئەو دەسەڵاتە لەتبووە نەبوو، زۆرترین تەشهیری کردبوو بەپێوانە بۆ دڵسۆزی بۆ کوردو کوردستان، تەنانەت بۆ (دیموکراتی)ش، (هەرچەندە ئەبێت لەسەر وشەی تەشهیر هەڵوەستەیەک بکەین کە تەشهیر لای دەسەڵاتو حیزب چییە؟ ڕەنگە باسکردنی چەند چەمکو سیمبولو رابردوویەک لای دەسەڵات هەر بەتەشهیر ناو ببرێت ئەگەر چی راستیو واقیعی بێت، ئەوەش سەبارەت ترس لەبەرپرسیارێتی ئەو کاتەی دەسەڵات لەڕووداوەکان).

سەیرە کاتێک (شەڕە دەسەڵات) لەئارادا بووە، هەرچییەکت بەدەما هاتبوو بەبێ سانسۆر وتووتەو هەمووی راست بووە، لەئارامیداو لەسەرەتای وەرزێک کە بتوانین مێژووەکەمان (خۆمان) بینووسینەوە، هەرچییەک بڵێی ئەگەر راستیش بێت، بۆت نییەو ئەبێ چاوەڕێی ئەوامری دەسەڵاتی خەتە سوورەکان بکەیت کە ڕێگەت بدات چی باس بکرێتو چی بخرێتە ژێرەوە. دەسەڵات لەوە بێئاگایە (مێژوو) هی هەموو میللەتەو ئەویش (واتە دەسەڵات) بەشێکە لەمیللەت کە بەرپرسیارێتی خۆی هەبووەو هەیەو لەمێژووشدا ئەبێ یەک بەیەکو دوو بەدوو بنوسرێتەوە، دەنا ئەوکاتە (چەواشە) کارییە کە مێژووەکەمان سەرو پۆتەڵاکی هەموو کەس بگرێتەوە جگە لەدەسەڵاتو بڕیاردەرەکانی. دەسەڵات ئەیەوێت مێژوو وا بنووسێتەوە کە لە (لەدایک بوون)یدا هەموومان بڕژێینە سەر جادەو

**ئاخۆ دەسەڵات ئەو ڕۆژەی مێژووەکەی ئەخاتە مەکتەبەکان چی بنووسیو چۆنی دابڕێژێتەوە!**

تا قاچمان شل ئەبێ هەڵپەڕین، بەڵام لەهێنانەوە (مێژووکردنی) ئەو کاتانەی خوێن ئەڕژا، گوێی خۆمان بگرین.

چۆن دەسەڵات، ترسی لەڕابردووی خۆیو باسکردنی هەیە، ئەم میللەتە مێژوو شێوێنراوەش، هەقی خۆیەتی ترسی لەوە هەبێت، ئاخۆ دەسەڵات ئەو ڕۆژەی مێژووەکەی ئەخاتە مەکتەبەکان چی بنووسیو چۆنی دابڕێژێتەوە! هەر بۆ نموونە کە چەند ڕۆژێکی تر، یادێکی تاڵ ئەکەینەوە، کە یادی (٣١/ئاب)، ئاخۆ ئەو یادە، قەڵەم بەدەستە حیزبییەکان (نەک ئەهلییەکان) لەکام پەڕەو کام سەروەری جێی بکەنەوە!!.

# تاکوێ باوەڕمان بەمێژوی خۆمانە

**فەرزین کەریاسی - واشنتون**

ئێمە تاکوێ باوەڕمان بەو بەمێژوەی خۆمان هەیە کە وەک کورد شانازی پێوە دەکەینو بەدرێژایی خەباتی کوردایەتی لەسەنگەری شەڕو لەزیندانو لەڕۆژگارە سەختەکاندا هەمیشە ڕابردومان هێناوەتە بیری یەکتر. کەواتە ئەمڕۆ چی بووە کە هەموو کەس باس لەقانعی فەرد دەکات؟!

لەم ماوەیەدا دەنگوباس لەسەر چاوپێکەوتنەکانی قانعی فەرد لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕاگەیاندنەکاندا دەبینرێت، کە بەدڵنیاییەوە هیچ کام لەوکەسایەتیە سیاسیانەی قانعی فەرد چاوپێکەوتنی لەگەڵکردون پێیانوانەبووە بەرەنجامی ئەو گفتوگۆو چاوپێکەوتنانە ئەوەی لێدەردەکەوێت، چونکە ئەم کەسە وەک مێژونوسێک خۆی دەرخستوە بۆ لێکۆڵینەوە لەمێژوی سیاسی کورد، بۆیە کەسایەتیە سیاسیەکان لەقوڵای نیەتەکانی ئەم دانیشتنانەیان نەزانی. گەر ئێمە بەوردی بچینەوە بەنووسینەکانی قانعی فەردا ئەو کارێکی زۆر سەر سوڕهێنەری نەکردوە، ئەو لەوانەیە تەنها وەزیفەی دروستکردنی گومان بوووبێت بەرامبەر سەرکردە سیاسیەکانی کورد وەک قازی محەمەدو مەلامستەفای بارزانی، کە ئەوە لەناومێژودا تۆوچاندنە بۆشێواندنی فکری ئەمڕۆو ئایندە کە ئەمەش نیشانەیەکی بەئاگاهاتنەوەیە لەشێوەیەکی تری دوژمنایەتی بەرامبەر نەتەوەکەمان.

گەر گەرەکمان بێت باس لەگرنگی مێژو بکەین، باشترە وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن فەرهەنگو مەدەنیەت بکەینە بەنمونە، وڵاتێکی وەک بەریتانیای گەورە کە خاوەنی گەورەترین ئەرشیفی مێژویی ناوخۆیو دەرەکییەو بووە بەسەنتەری زانیاری مێژوی جیهانی گەر بەشێک لەمیللەتان لەمێژوی خۆیان ونکردبێت دەگەڕێنەوە بۆرئەو سەنتەرە، وڵاتێکی وەک ئەمریکاش وڵاتێکە خۆی هەموو مێژوەکەی کۆکەیتەوە ٣٠٠ ساڵە، بەڵام لەزانکۆکانیاندا هەموو خوێندکارەکانی بەشی مێژو جگە لەوەی کە ئاگایی تەواویان بەمێژوی خۆیان هەیە، تایبەت مەندیش لەمێژوی وڵاتێک وەردەگرنو تەنانەت زمانەکەشی فێر دەبن، لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت بۆ ئەمڕۆ کەسێکی وەک قانعی فەرد ڕاسپێراوەو، تەنها دەیەوێت لەسەر مێژوی کورد ئیش بکاتو حکومەتی ئێرانیش کە ئەمڕۆ خۆی بەزلهێزی ناوچەکەو وڵاتە ئیسلامیەکان دادەنێت پەروەردەی دەکات؟ کۆماری ئیسلامی لەوە گەیشتوە تاچەند کوردی ئێران بەرگریەکی دەرونی کردوە بەرامبەر دەسەڵاتو، تاچەند خۆیان بەنزیک دەبیننەوە لەکوردستانی باشورو خەباتی خۆیان لەوان جیانەکردۆتەوە، لەبەرئەوەی لەم ساڵانەدا نەیتوانیوە زەینو فکری خەڵک بگۆڕێت ئەمڕۆ پەلاماری سەرکردەکانی کورد لەهەردوو لادەدات کە هیچ کات لەیەک جیانەبوون لەڕۆژانی سەختدا بەدەم یەکەوە بوون. گرنگی مێژوو بەلای حکومەتی ئێرانەوە ریشەی هەیە لەبەرئەوەی ئەوان لەدونیای پراکتیکدا بەوە گەشتن کە چەند ئاسان دەتوانن بەچەواشەکردنی مێژوو راستیەکان بگۆڕن، تا ئەو جێگەیەی کە خیانەتکار دەکاتە دڵسۆزو، دڵسۆز دەکاتە خیانەتکار، کەسێکی وەک شێخ فزوڵڵای نوری کە لەدەورەی ئینقلابی مەشروتەدا دژایەتی خەڵکو ئازادی دەکرد بۆ بەرژەوەندی دەرەوەو حکومەتی ستەمکاری ئەو کاتە کاریدەکرد، دوایی بەدەستی شۆڕشگێڕەکان لەسێدارە درا، حکومەتی ئێران دوای سەرکەوتنی ئەوی کردە شێخی شەهیدو قارەمانی میللەتو ئیسلامو شاڕێی شاری بەناوی ئەوە ناو

**گەر گەرەکمان بێت باس لەگرنگی مێژوو بکەین، باشترە وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن فەرهەنگو مەدەنیەت بکەینە نمونە**

نا. لەمرۆشدا کەسێکی وەک قانعی فەرد کە بۆهەموو کەس ڕۆشنو بەرهەستە بۆ کێ ئیش دەکاتو مەبەستی چییە، هاتوە لەگرنگترین چەکی سەردەم سوود دەبینێت کە ئەویش شێواندنی مێژوە، عرفان بەپشت بەستن بەو بەڵگانەی لەسیستەمی

**دەبێت دەستبەرداری شەرمەزاربوون بەرامبەر شکستو کەموکوڕییەکانی مێژوەکەمانو سەرکردەکانمان بین**

ئیتلاعاتی کۆنو تازەی ئێرانیەکانو بەقسەکانی عیسای پژمان تەواوی شۆڕشەکانی کوردستانی باشور بەدەست پەروەردەی ساواکی ئێران دادەنێتو ئەو هەموو خەباتو شۆڕشو خوێنە سوکایەتی پێدەکات لەکوێشدا ئەویش لەناو نوسینی خەباتو ماندوبوونی سەکردەیەکی کوردا، عرفان خۆیی دەزانێت چی لەپشت ئەمەوەیە. بەندە ساڵی پار بۆ یەکەمجار کە ئەم چاوپێکەوتنانە لەسایتی (تابناکی کۆماری ئیسلامی) کە سایتی موحسنی ڕەزایی فەرماندەیی پێشوی سپای پاسدارانە ئێرانە بڵاوکرایەوە، بابەتێکم نووسی لەسایتی هەڵوێست بڵاوکرایەوە مەبەستەکانی پشت ئەم کارەی قانعم نووسی***

خاڵێکی گرنگتر لەم نوسینەم ئاماژەدانە بەترسناکی ئەو بۆشاییەی لەنەبوونی مێژوونووسی ڕاستەقینەوە دروست دەبێت کە چ زیانێک بەخەڵک دەگەیەنێت کودەتای ئەمریکاییەکان بەرامبەر مصدق باشترین بەڵگەیە، لەکودەتای ساڵی ١٩٥٣ کە دەکاتە نزیکەی ٥٥ساڵ لەمەوپێش ئەو کاتە ئەمریکا هاوکاری شای کرد بۆ ڕوخاندنی مصدق، بێگومان ئەمە مێژوویەکی نزیکە کە ڕادیۆو ڕۆژنامە هەبوون، هەندێک لەو کەسانەش کە بەشداربون تائێستا لەژیاندا ماون، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەوەی مێژونووسەکان بێلایەن نەبوونو هەر مێژونووسە روداوەکانی لەژێر کاریگەری ئەو لایەنەی لەگەڵی بوو نوسییەوە ئەوانەی لایەنگری شابوون بەمەیلی شاو ئەوانەی لایەنگری مصدق بوون، بەمەیلی مصدقو ئەوانەی نیشتمان فرۆشبوون بەمەیلی بەرژوەندی خۆیان ئەو وڵاتانەی بەکرێگیراویان بوون. بۆیە هێشتا کەس نازانێت حەقیقەتی ئەو کودەتا چی بوو مەلاکان* چ دەورێکیان هەبوو، ئەمریکا چ دەوری هەبوو بەحاشاکردنی حەقیقەتەکانو هێشتنەوەی خەڵک لە نائاگایدا ئایندەی میللەتی ئێرانیان سوتاند تا ئەمرۆش خەڵک باجی ئەو نەزانینە لەمێژوی خۆیان دەدەن ئەو ڕیشەی ئازادییەی لەسەردەمی مصدق دانرا کۆدێتاکە لەناوی برد.

ئەوەی ئەمرۆ گرنگە ئەم کارە زەنگی ئاگای بێت بۆ دەسەڵاتو ڕۆشنبیرانو مێژونوسان دەرسێک وەربگرین لەو کارەی فردەوسی بۆ ئێرانی کرد، کە لەقۆناغێکدا ئێران لەژێر چەپۆکی خولەفایی ئیسلامیدا بوو، خەریک بوو زمانو فەرهەنگو مێژویان دەسڕرایەوە، کەسێک پەیدابوو بەناوی ئەبو ئەلقاسمی فەردەوسی کە هات بەنوسینی شاهنامە خزمەتی گەورەی بەمیللەتی ئێران کرد، لەلایەک زمانی فارسی ڕزگارکرد لەناوچون، لەلایەکیتر مێژویەکی ئەفسانەیی بۆ ئێرانیەکان دروستکرد کە بڕوابوون بۆخود بۆ تاکی ئێرانی بگەڕێنێتەوە، ئێمەش دەتوانین بەڕوونکردنەوەی مێژوی خۆمان لەلایەنی کەسانێکەوە کەبەشداربوون لەو قۆناغەداو بەکۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانو دانانی کۆرسی مێژویی لەزانکۆکان بەهاو گرنگی مێژو بۆ ئەمرۆ ئایندە هەبێت، کە ئێمە میللەتێکین بەلایەنی کەمەوە خاوەنی ٣٠٠٠ساڵ مێژوی نوسراوین، بەڵام تائەمرۆش لەناو مێژوی خۆماندا بێ هێزین، لەمێژویی هاوچەرخدا هەم ساتی سەرکەوتنو شانازی تێدابووە، هەم کاتانێکی پڕ لەناخۆشیو شەرمەزاری، ئێمە لەهەردوو بارەکەدا دەبێت لەپایەی قبوڵکردنی ئەوەدا بین تا بتوانین بەرامبەر بەهەر چەواشەکاریەکی نەیارەکانمان بەسەرێکی بەرز بوەستینەوە، دەبێت دەستبەرداری شەرمەزاربوون بەرامبەر شکستو کەموکوڕیەکانی مێژوەکەمانو سەرکردەکانمان بین. هەروەک چۆن شانازی بەسەرکەوتنەکانیانەوە دەکەین.

تێبینی:

* **مەلاکان:** مەبەست ئایەتوڵاکانە کە یارمەتی د. محەمەدی مصدقی دا بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو سەرکەوتن لەبەمیللی کردنی پیشەسازی نەوت، بەڵام بەدرێژای بوونی لەوەزارەتی مصدقدا وردە وردە بۆشای کەوتە نێوانیانو زەمینەی زیاتری خۆشکرد بۆ کودەتا.